# نیشتیمانە باڵدارەکان

نەژاد عزیز سورمێ

ئاگات لەو دەنگانە بێ بە ماندوویەتی دێن!
ئەو زیندانانەت لەبیر بێ خۆمان دروستمان کردنەوە!
ئەو ئاسۆیەت بێتەوە بەرچاو
هەموو لە هەمووی بەخشش بوو..!

چیرۆکی نیشتمانە باڵدارەکان
لێرەوە دەستی پێ کرد:

خاک تووڕ درابوو
لە شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری
لێ نەدەبینرا..
بینایی کز..
کوێرەڕێگایەک نەما
هیوای تۆزاویمانی پێ بسپێرین!
ڕێژنەیەک
لە ئارەزوویەکی ئەفسووناویدا خەملیوە،
بەسەر دارستانی دڕندانەدا دەبارێ..
چڕتر لە،
سێبەری درەختی کەناران
ئاوی لێ کەسک دەنوێنێ..
شازادەیەکی ڕازاوە
پیاسە بە شۆستە و شەقامە وەهمییەکانی دەکا.
نیشتمانە باڵدارەکان
ئەوانەی
لەبەر شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری باڵیان گرتووە؛
نە مزگەوتیان تێدایە
نە دێر و کەنیسە و
نە هیچ پەرستگایەک..
سێویان بە تاڤگاندا دێنە خوار..
پەیتوونیان
بە کووچە و کۆڵانان دێ و دەچێ،
دەنگی سمی ئەسپەکانیان
لە بزاڤی ڕۆژانەی
بەرد و چەوی
ڕووبار و زێیان دەچێ.
پەلکەگیا لەو نیشتمانانەدا
هەر دەمەی بە ڕەنگێ دەردەکەون.



دانیشتووانیان غەمگینیش بن،
شیرینی لە ژاڵە
شادی لە خەم هەڵدەهێنجن..
مردووەکانیان دەخەنەوە سەر زەوی.
مۆسیقایان بە ڕیتمی فڕینیانە..
گۆرانییان،
باسی مەستی و
پەسنی هەوای خوا و
ئاسمانی فراوان و فرەچین دەکا.
مێژوویان،
لەگەڵ مێژووی هەڵۆ و
قومری و
چۆلەکە و
قورینگ و
نەورەسان دایە..
قوتابخانە و نەخۆشخانە لەو نیشتمانانەدا
لە میوانخانەکانی خوداوەند دەچن..
زانست،
لە ئیکسیری وردبوونەوە و
کوانووی ڕوونبینی و پۆشتەکردنی باو
ماکی گەوهەرناسی و
مژدەی مەرگی لە خۆنووسان فێر دەبن..
مێژوو،
لە کۆیلەیی و پێناوی و گومڕایی زەوی..
دەرمان،
لە ڕەنگی کازیوە و
تریفەی نیوەشەوانی مانگ و
فەلسەفەی ئەشکەنجە
دروست دەکەن.

نیشتمانە باڵدارەکان
بە دەگمەن شەڕیان تێدا دەبێ
شەڕ لەو نیشتمانانەدا
وەک شەڕی
نیشتیمانە وەستاوە بۆگەنەکانی
سەر زەوی نییە.
لەوێ ڕکابەرایەتی
لەسەر
بەرزفڕی و
بڵاوکردنەوەی ئۆکسجین و
جوانناسی و
فەنتازیای ئاواز و
هەنیە و گۆنای درەوشاوەیە..

ژنان لەو نیشتیمانانەدا
بە زەردەی بەیانی و
نەشئەی خەون و
سۆمای سروە و
سێبەری پاکیزەکانی چیا
خۆیان جوان دەکەن.
باڵایان
لە خەندە دڵگیرترە.

نیشتیمانە باڵدارەکان
ئاژەڵی دڕندەی لێ نییە،
هەموو ئاژەڵەکانی دۆستی مرۆڤن
هەموو مرۆڤ دۆستی ئاژەڵ.
پێوەندی لەو نیشتیمانانەدا:
هەموو بەرپرسیارە لە هەموو..
پاشا لەو نیشتیمانانەدا
لە کرێکاری کارگەکان ماندووترە
باڵی فڕین، فڕینی نیشتیمان
پاشا ڕایاندەوەشێنێ..

بە شنەبای تۆقەڵانانیان
خۆیان فێنک دەکەنەوە.
نەوت و گاز و کانزای لێ نییە
چرا و گڵۆپ و سۆپاکانیان
بە شیعر و مۆسیقا کار دەکەن
ماڵێک لە مانگێکدا
چەند کۆپلەیێ شیعر و چەند پارچە مۆسیقایەکی
بەسە.
شیعر و مۆسیقا
لە ئاسمانی هەرە بەرزەوە
بەسەر کۆشکی پاشادا دەبارێ
ئەویش بە یەکسانی
بەسەر هاونیشتیمانیانی دابەش دەکا.
شاعیران لە نیشتیمانە باڵدارەکان
ئیرەیی بە شیعری
ئاسمان نابەن،
ئەوان جیاواز دەنووسن..

نیشتیمانە باڵدارەکان
ڕۆژنامە و ڕادیۆ و
تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتیان نییە،
سەر ئاسوودە
پێکەوە دەژین..
فڕۆکەشیان نییە
خۆیان باڵیان هەیە دەفڕن..
یەک زمانیان هەیە
هەموویان بەو زمانە قسە دەکەن و دەنووسن.
تاکە گرفتی نیشتیمانە باڵدارەکان
هەڵم و دووکەڵ و
نیفاق و دووڕوویی و
هەوای پیسی زەوییە
زۆرجار ناچاریان دەکا
بەرز و بەرزتر ببنەوە.

ئابی/ ٢٠١٧